کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-11-2007 0:00 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئەمیش زنجیرەیە! ... هەردی شەفیق

ئەم ناونیشانەی سەرەوە ئەو پرسیارە بووکە باوکم لەشیرینی خەودا بەدەنگی تەلەفیزۆنەکە خەبەری بووەو کردی، ئاخر هەرکە ڕەمەزان دێت زنجیرەی تەلەفیزۆن بەوی تردەلێت خێرت دەگات جێم کەرەوە بەبی ئەوەی بەهەر هەموویان بەقەد زنجیرەیەکی بیانی سەرنج ڕاکێشبن، تابتوانن هەم بینەری کوردی بگەڕێننەوە بۆسەیرکردنی زنجیرە کوردیەکان و هەم بۆخۆشیان ناوبانگ و شتێك لەڕوی مادیشەوە سودمەند ببن و ئاستی وشیاری خەڵکیش ببەنەپێشەوە. هەربۆیە خەریکە لەهەموو ڕویەکەوە دەبینە تێکەڵیەك لەکلتوری فارسی و عەرەبی و... هتد. ئەڵبەت ئەمەش ناگەڕێتەوە بەتەنها بۆدراماکان بەڵکو گۆرانی و سەرجەم لایەنە هونەریەکانی تریش.

جاری لەوەی گەڕی بێینە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکە ئەگەر بەوردی سەرنج بدەیت زۆرینەی چیرۆکی زنجیرەکانیش لەدەوری ئەوەدا ئەخولێنەوە کابرای دەوڵەمەند لەبەرچاو چنۆکی وبەرژەوەندی پەرستی نایپەرژێتە سەرماڵ و منالی و لەو لاتریشەوە کابرای هەژار گۆرانی بۆژیان ئەڵێت و دڵی خۆشە. جاری ئەمە لەم وڵاتەدا هیچ مەنتیقێك قبوڵی ناکات تۆگرانی و هەژاری و خەمی ماڵ و ئاییندە ی منال و کری خانو پارەی ئاو و کارەبای موەلیدە و... هتد دەستی نابێتە بینا قاقات و تۆش بتوانیت بەختەوەربیت و پێبکەنیت لەگەڵ ئەو هەموکێشەدا و پێشینانیش وتوویانە: (کاسەی پڕئاشتی ماڵە) ئەگەرچی دەوڵەمەندیش بێ گیرو گرفت نیە.

یا سەیر ئەکەی هەر لەناو زنجیرەکەدا کابرای وێنەگر تەواوی ناوشار بەدوای خانوویەکدا ئەگەڕێت وێنەی بگرێت و بەو حاڵەشەوە شوێنێکی باشی دەست ناکەوێت ڕوی ئەوەی پێوەبێت کامێرا ڕوی تێبکات بەو حاڵەشەوە کابرا دێت باسی ژیانی هەژارو دەوڵەمەند مان بۆئەکات و ناڕاستەوخۆ پێمان ئەڵێت هەژاری بەختەوەریەو دەوڵەمەندی کارەساتە! ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی حەقیقەتە بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو خەڵکە بەستەزمانە ژیانی بووە بەماراسۆن بەدوای گوزەرانداو هێشتاش ناتوانیت وەك مرۆڤ بژی و لەولا تریشەوە بەرپرسەکان لەبەهەشتدا ژیان دەگوزەرێنن ولەهیچیان کەم نیە. من هەقم نیە بەسەرلایەنە هونەریەکانی درامای ئاریاوە (ئەگەرچی تەواوی زنجیرەکانی ئێمە مەمی ئالان ی لێدەرکە لەزنجیرەناچن) لەگەڵ ئەوەشدا ڕاگرتنی ئەودرامایە پەیوەندی بەباسی زاڵ بوونی دەسەڵاتی خێڵەکی وخراپی گوزەران وهەندێك حەقیقەتی ترەوە بوو کەلەنێو دەسەڵاتی حیزبەکان وحکومەتی کوردیدا بوونی هەیە. باشە بۆ زنجیرەکانمان تەنها بۆئەوەبێت خەڵکی هەژاری ئەم وڵاتە ڕازیبکەین بەوحاڵەی کەتیایدان و هەناسەی بەختەوەری هەڵکێشن کەدەوڵەمەند نین تا کێشەیان بۆدروستبکات کەلەواقیعدا پێچەوانەکەی ڕاستە. ئاخر هەر ئەوانە کێشەیان هەیە لەگەڵ ژیاندا کەبەتەنها هەوای هەناسە ماوە گران نەبووبێت نەك ئەوانەی بونەتە خاوەنی دنیایەك سامانی ئەم وڵاتە و چاویان هەژارو نەداری ئەم وڵاتەنابێنی. گریان و مەرگی هەژارەکانی ئەم وڵاتە تۆزێك ویژدانیان ناجولێنێت کەبەسکی ڕوت و خوێن وچەپڵە خستنیانە سەرکورسی دەسەڵات.

Jgarsoz8181@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.